# ٨ی مارس: پرسی ژن و دەستنیشانکردنی ئاسۆی چارەسەریی

ئەمڕۆ یەکێك لە گرنگترین و سەرەکیترین پرسەکان لەکومەڵگای کوردیدا پرسی ژنە کە نەك تەنیا پەیوەندیی قووڵی بەژیانی گشتی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش بەچۆنیەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی سیاسەتی کوردیشەوە بەستراوەتەوە. بەر لەهەموو شتێك پێویستە هەموومان لەسەر ئەم هەقیقەتە کۆك بین کە سیاسەتی کوردی بەتایبەتی و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی لەماوەی رابردوودا لەپێناو وەگەڕخستنی سیاسەتێکی کاریگەر و دەستنیشانکردنی ئاسۆیەکی چارەسەریی لەگۆڕەپانی پرسی ژندا هیچ سەرکەوتنیکی نەبووە.

ئەو ڕەوش و هەلومەرجەی کە لەکوردستان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێیدا تێپەڕ دەبین لەئاستی پەرەسەندنی ترسناکی هزری کۆنەپەرستی و توندوتیژییە لەدژی ژنان، کە زۆر پێویستە ڕۆڵی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کارایان هەبێت بەرامبەر چارەنووسی ملیۆنان ژن. لەپەرەسەندنی جیهانی هاوچەرخ تێڕوانینی مرۆڤ بۆ دەروازەیەکی بێ زوڵم و زۆرداری کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هاندەرێك بۆئەوەی ژن ببێتە بەشێك لەبەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسیی و یاسا و بڕیاردان دا. هەروەها بۆئەوەی کار بکاتە سەر دانانی ئاستێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاوازی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری بۆئەوەی بەهاوسەنگی ئەرك و مافەکانیان جێبەجێ بکرێت. هەروەها هەوڵ بدرێت بۆ گۆڕینی بنەماگەی ئەو یاسایانەی کە پێشتر دەرچوونە و لێوانلێون لەهەقارەت و پێشێلکاری دژی مافی ژنان کە لەژێر پەردەی ئایین و دابونەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی و هزری پیاوسالارییەوە ئەنجامدەدرێ.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە جەخت بکرێتەوە لەسەر پیادەکردنی هەموو ئەو بەند و یاسا نێودەوڵەتیانەی کە پشتگیری لەمافی ژن دەکەن لەڕووی یەکسانییەوە، هاوکات لەگەڵ پاراستنی ژیانی ژن لەتوندوتیژی نێو ماڵ و باوکسالاریی خێزان و کوشتنی ئافرەتان بەبیانووی شەرەف و ناموسپارێزیی. ئەمەش بۆ دانانی یاسایەکی سڤیل و شارستانی و بەرەوپێشچوونی ئاستی هۆشیاری گشتی کوردستان. هەر بۆیەش ئێمە لەم سۆنگەیەوە بەپێویستمان زانی کە ئەم پرسە بخەینە بەر سەرنجی بیرمەندانی ئەم بوارەو بۆ ئەم مەبەستەش هەر جارێ دید و تێڕوانینی چەند خانمێکی چالاکگەر و هەڵسوڕاوی کارای بواری پرسی ژن بە ئامانج دەگرین.





**خاتوو نایلە ئاراس نوێنەری پارتی چەپی سوید (Vänsterpartiet) و جێگری سەرۆکی وەقفی کولتووری کوردی لەستۆکهۆڵم بۆ گوڵان:**

# ژنی کورد لەئەوروپاش بندەستە

**ژنانی کورد لەئەوروپا پتر گرێدراوی پیاوەکانیانن**

*** وەك دەزانرێ، ژن وەك سازکراوێکی کۆمەڵایەتی (Social Construction) کە راستەوخۆ پەیوەندی بەهێزی بەدەستەڵاتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ئەمەش سەرچاوەی هەموو کێشەکانە. کاتێك وەکو پەنابەر رووەدەکاتە وڵاتانی ئەوروپا رووبەڕووی گەلێ تەنگوچەڵەمە و نالەباری دەبێتەوە، لەم سۆنگەیەوە، ئێمە چۆن دەتوانین پرسی پەنابەرێتی ژنان لەتاراوگە پرۆبلێماتیزە بکەین بۆئەوەی بەرچاوڕوونیەکمان هەبێ بۆ تێگەییشتن لە هەلومەرجی ژیانی ژن لەوڵاتانی ئەوروپا؟**

- من چاودێری بارودۆخی ژیانی گەلێ شار و وڵاتم کردووە لەئەوروپا، وەك تێبینیم کردووە شتێك هەیە کاتێك ژنانی کورد ڕوو لەدەرەوەی وڵات دەکەن پتر دەبنە وابەستە و گرێدراوی پیاوەکانیان. لەبەرئەوەی زۆربەیان پیاوەکانیان کاری سیاسییان کردووە، لەزیندان ماونەتەوە، یاخود لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە، دوورخراونەتەوە. سەرەتا پیاوەکانیان بەرەو ئەو وڵاتانە نەفیکراون. دواتر ژن و منداڵەکانیشی هاتوون. ژمارەیەکی زۆر کەمی ژنان، لەبەر هۆکاری ئەمنی و سیاسیی هاتوون داوای مافی پەنابەرێتیان کردبێت. من بەش بەحاڵی خۆم، یەکێکم لەو ژنانەی لەسەرەتای هەشتاکاندا داوای مافی پەنابەرێتیم کردووە، ئەوکاتەی تورکیام بەجێهێشت. من لەتورکیا دوو ساڵ بەهۆکاری سیاسییەوە زیندانیکراوم، پێشتریش ٢ ساڵ لەزینداندا بووم، لەبەرئەوەی من دەمزانی جارێکی دیکە دەخرێمەوە زیندان، بۆیە بڕیارمدا وڵات جێبهێڵم.

سەرنجی من لەسەر ڕەوشی ژنانی پەنابەر بەمشێوەیە، کاتێك ژنان دێنە ئەوروپا، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگای کوردیدا بەردەوام دواکەوتوو و پاشکۆی پیاو بوونە، بۆیە ٪٧٠ی ژنان لەکۆمەڵگای کوردیدا لەخوێندن و نووسین بێبەش بوونە. ئەوانەی خوێندن و قوتابخانەی سەرەتاییان تەواوکردووە. ژمارەیەکی زۆر کەم لە نەوەی وەکو ئێمە خوێندوویانە، بەڵام نەوەی نوێ دەخوێنن. لەکوردستانی تورکیا ئێستاش ژنان کامپەینی نارەزایی بەگەڕ دەخەن بۆئەوەی دایك و باوکان کچەکانیان ڕەوانەی بەر خوێندن بکەن. بەزۆری باوك ڕێگا نادەن کچەکانیان بخوێنن، لەبەر ئەم کەموکوڕیانە ئەوکاتەی ژنان دێنە دەرەوەی وڵات، ئەوا پتر وابەستەی ئەقڵیەتی پیاوەکانیان دەبن، ئەمەش بۆئەوەی شیرازەی خێزانەکەیان تێکنەچێت. لەبەرئەوەی ئاستی هۆشیاریان زۆر لاوازە، بەڵام ئەوکاتەی دەرفەتێك دەبینن، بەگوێرەی چاودێری من، سەرەتا دەچنە قوتابخانە و خۆیان فێری زمان دەکەن، دواتر هەندێکیان دەست بەکارکردن و هەندێکی دیکەیان دەست بەخوێندن دەکەن. لەبەرئەوەی من ٢٤ ساڵە لەسوید دەژیم نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە:

هەندێ قوتابخانەی ئامادەیی بۆ کەسانی تەمەن گەورە هەیە، من بینیومە ژمارەیەکی زۆری ژنان دەستیان بەخوێندن کردووە لەمجۆرە قوتابخانانە، لەسەرەتاوە دەستیان پێکردووە تادەگاتە بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا و ئەکادیمی لەزانکۆکان. هەروەك لەبوارە جیاجیاکانی

***نایلە ئاراس، چالاکگەرێکی ناسراوی بواری ژێندەر و مافی مرۆڤە لەئەوروپا. ئەندامی باڵای پارتی چەپی سویدیە (Vänsterpartiet) کە ماوەیەك لەوەوبەر لەسەر لیستی ئەو پارتە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا کاندیدکرابوو و ئێستاش لەستۆکهۆڵم وەکو جێگری سەرۆکی وەقفی کولتووری کوردی کاردەکات، کە دەزگایەکی خێرخوازی کۆلتوورییە و گرنگی بەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشخستنی زمانی کوردی لەئەوروپا دەدات.***

***خانمی ئاراس، بەڕەچەڵەك خەڵکی ناوچەی موش ـی باکووری کوردستانە. دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٧٩ بۆ ماوەی ٢ ساڵ لەتورکیا لەزیندان ئازاد کراوە، ڕووی لەئەوروپا کردووە و سەرەتا چۆتە سویسرا، دواتر چۆتە شاری میونخ ئەڵمانیا و دوای دوو ساڵ مانەوە لەوێ، ئینجا لەساڵی ١٩٨٤ وەك پەنابەر لەوڵاتی سوید نیشتەجێ بووە. ناوبراو لەزۆربەی چالاکی و بزاڤە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سوید و ئەوروپا وەکو ژنێکی بەجەسارەت و خاوەن ئیرادە ڕۆڵێکی باڵای لەنێو دیاسپۆرای کوردی گێڕاوە، بەتایبەتی کە ماوەیەك وەکو سەرۆکی یەکێتی ژنانی کوردستان لەسوید بەشێوەیەکی زۆر بوێر و ئەکتیڤانە کاری کردووە. بۆیە هەفتەنامەی گوڵان لەدەرفەتێکدا بەپێویستی زانی هەندێ پرسی گرنگ و ژیانی لەگەڵدا تاوتوێ بکات***

دیکەی ژیانیش بەرەو پێشـــەوە هەنگاویان هەڵگرتـــووە. مرۆڤ لێرەدا ئەم ڕاســـتییە تێدەگات کە دەرکەوتنی ئەم تایبەتمەندییە پێشکەوتووانەی ژنان، بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە کە ژنـــان زۆر هەژار و تینووی خوێندن و زانســـت و مەعریفـــەن. بۆیەش زۆر پێشـــدەکەون. هەرچەندە ژنـــان لەبەر هۆکاری سیاســـیی نەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی بەردەوام لەنێو کەشوهەوای سیاسیدا ژیاون و ڕەوشی سیاسیی و پێشڤەچوونەکان دەبینن، بۆیە خۆیان پێشبخەن. دەبینیـــن لەماوەیەکی زۆر کورت و پێوانەییدا لەگـــەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ئەوروپیدا خۆیان دەگونجێنن، ئەم بەرەوپێشچوونە وا دەکات کە هەندێ لەژنان لەبەرئەوەی لەڕابردوودا لەبەر هۆکاری ئابووری ســـەربەخۆ نەبوونە و نەیانتوایوە دەستبەرداری پیاوەکانیان بن، بۆ نموونە لەگەڵ ئەوەی لێیانـــدراوە و ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی دیکەی جەســـتەیی و ئەقڵی بوونەتەوە، بەڵام هێز و جەســـارەتی ئەوەیان نەبووە لەپیاوەکانیان جیاببنەوە، بەڵام لەوڵاتانی ئەوروپا دوای ئەوەی ژن کەسایەتییەکی تازە بەدەستدەهێنێ و پتر ئەنتیگرەی نێو کۆمەڵگای ئەوروپی دەبێت ئەوا لەپیاوەکان جیادەبنەوە و جۆرێك لەسەربەخۆیی و ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن.

## ژن وەکو پەنابەر دنیایەک کێشە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئەوروپا

*** بەهۆی پتـــر ئەنتیگرەبوونی ژنان لەگـــەڵ کۆمەڵگای ئەوروپی و لەکاتی دەســـتبەرداربوونیان لەپیاوەکانیانەوە، ئایا کاردانەوە و ڕیاکســـۆنی پیاوەکان چی دەبێت؟**

- بێگومـــان ژن وەکو پەنابەر گەلێ کێشـــە لەگـــەڵ خۆیدا دەهێنێت. دەرچوونـــی ژنان لەخاڵـــە ســـنوورییەکان بەڕێگای قاچاخـــەوە لەگەڵ منداڵەکانیـــان درامایەکی زۆر گەورەیە. هەنـــدێ لەژنان دەرمانیان داوەتە منداڵان بۆئەوەی بێدەنگ بن و ناڵە و هاوار نەکەن. بەمشێوەیە منداڵەکانیان کپ و خەواندووە. یان سڕیان کردوون بۆئەوەی بەئاگا نێن. جگە لەوە ژیانی ڕابردووی ئەو ســـەربازانە لەباکوور و توندوتیژی سەربازانی تورکیا چەندین کێشەی دەروونی خوڵقاندووە. بێگومان ئەو ژنانەی کە ڕوو لەئەوروپا دەکەن هەموو ئەو کێشـــە و برك و ژانانە لەگەڵ خۆیان دەهێنن، هەندێ جار ئەو کێشە دەروونیانە وای لێدێت کاریگەری جەستەیشی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە هەندێ لەژنان دەڵێن پشـــتمان ئێشی هەیە (بسکۆسۆماتیك). لەبەرئەوەی کاتێك ژن کێشـــەی دەروونی هەبێت لەســـەر جەســـتەی ڕەنگدەداتەوە، کە پێیدەڵێن (سایکۆســـۆماتیك)، بۆیە نەخۆشـــییە دەروونییەکان بەشێوەیەکی دیکە ســـەرهەڵدەدەن. من زۆرجـــار کاری وەرگێڕانم بۆ ژنانی کورد لەهەر چـــوار پارچەی کوردســـتان کـــردووە، دکتۆر پێیان دەڵێت نەخۆشـــی ئێوە حەســـرەتی وڵاتە. دەتەوێ بگەڕێیتەوە نێو وڵاتەکەت لەبەرئەوە تۆ نەخۆش نیت. لەبەرئەوە هەندێ جار پزیشك دەرمان بۆ نانووسێت و پێیان دەڵێ: "ئێمە ناتوانین تۆ چارەسەر بکەین".

هەندێکی دیکە لەو خێزانانەی ماوەیەکی زۆرە لەئەوروپا دەژین، بۆ نموونە ئەوانەی لەســـوید دەژین منداڵەکانیان لەقوتابخانەی سویدی دەخوێنن، کە تایبەتمەندی منداڵان و کەسایەتییەکی سویدی وەردەگرن، ئەوکاتەش لەنێو خێزان ناکۆکی دروستدەبێت، زۆربەی ژنان پشتیوانی لەمنداڵەکانیان دەکەن و لەدژی پیاوەکەی دەوەستێت، لەبەرئەوەی باشتر لەمنداڵەکە تێدەگەن.

## ژن وەکو کەسێکی بیانی کە دێتە ئەوروپا لەوێشدا مافەکانی بنپێدەخرێت

*** دەکـــرێ پێمان بڵێیت، زەقترین کێشـــەکانی پەنابەرانی ژن لەوڵاتانی ئەوروپا چین؟**

- ژنانی پەنابەر بەگشتی لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیت بن پێدەخرێت، هەروەکو چـــۆن لەهەموو کۆمەڵگاکان ژنان بـــن پێدەخرێن. پیاو ڕەگەزی یەکەمە و ژنیش پاشـــکۆ و سێبەری پیاوە. ئینجا کاتێك ژن وەکو کەسێکی بیانی دێتە ئەوروپا لەوێشدا مافەکانی بنپێدەخرێت.

## کاری ژنان لەهی پیاوان زۆر سەختترە

*** بـــەو مانایەی ژنان هەمیشـــە قوربانی ترادســـیۆنێکی نەخوازراون، هەروەك لەئەوروپا دووجار بندەست و قوربانین؟!**

- بەڵـــێ، ژن دووجار قوربانییە. جارێك بەهۆی پەنابەربوونی و جارێکی دیکە بەهۆی سەردەســـتبوونی پیاوەکەی و گەلێ گێرە و کێەشی دیکەش. بۆ نموونـــە کاتێك ژن داوای کار دەکات ئەوا خراپترین کاری دەدرێتێ. بۆ نموونە مـــن لەوڵاتی خۆم دکتۆر، پارێزەر یـــان ئەندازیار بوومە، کە دێمە ئەوروپـــا دەڵێن کار نییە، دەتوانی بچیت قاپ و قاچاخ بشـــۆییت و کاری پاککەرەوە بکەیت.

هەندێ ژن کـــە لەوڵاتانی ئەوروپا کاردەکەن ناخـــوازن جلەکانیان وەکو ئەوروپییـــەکان بێت، لەبەرئەوەش جارێکی دیکـــە دەبێتە مایەی جیاوازیان لەگـــەڵ ئەو خەڵکە و بوونی جیاکاری ڕەگەزی (Diskrimation ). بۆیە کاری ژنان لەهی پیاوان زۆر سەخت و دژوارترە.

## پەنابەرانی کورد لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوروپی پێوەندی و دانوستانیان نییە

*** وەك ســـەرنج دەدەیـــن، لەکاتێکدا تا دێت کۆمەڵـــە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەژنان زۆر دەبن هاوکاتیش لەگەڵ ئەمە کێشە و گرفتەکانی ژنان زیاتـــر دەبێت، بۆ نموونە دیاردە کرێتەکانی وەك "خۆکوژیی، خۆســـوتاندن، لێدان، کوشـــتن لەســـەر ناموس، ژن بەژنی و گـــەورە بەبچووك و زۆری دیکە".. ئەم مەسەلەیە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- دابونەریتە کۆنەکان لەنێو هەندێ لەکۆمەڵگاکانی وەك کورد، عەرەب، تـــورك و ئەمریـــکای لاتینی گرفتی گـــەورەن و ئەو جـــۆرە کولتوورانە کولتووری مەرگدۆســـتن و بەزەحمەت دەتوانن ئەنتیگرەی نێو کۆمەڵگای مۆدێـــرن و دیموکراتی ببن. ئەوانە لەگەڵ کۆمەڵـــگای ئەوروپی تێکەڵ نابن و دانوســـتانیان نییە، ژنی ئەو کۆمەڵگایانە گۆشـــەگیر و لاتەریکن، بەبێئەوەی هیچ بەرهەمیشـــیان هەبێت. ئەمە وایکردووە لەشـــێوەی گروپ بژین و یەکتری کۆنترۆڵ بکەن.

## سەنتەر و ڕێکخراوە کوردییەکان لەدەرەوە بەئەندازەی هێز و توانایان کاردەکەن

*** بەڵام پرســـیارەکەم لێرەدا ئەوەیە بۆچی ڕێکخراوەکانی ژنان خاوەنی هۆشیارییەکی ڕەخنەیی نین بەرامبەر ئەو ناوەند و ستاسیۆنە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی و ئابووریی و ئەخلاقیەپرۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن؟**

- مـــن پێموایە، ئاســـتی کاریگەری ئەو ڕێکخراوانە لەشـــوێنێکەوە بۆ شـــوێنێك و بەپێی هەندێ هەلومەرجی تایبەتـــی جیاوازیان هەیە. هەندێ لـــەو ڕێکخراوانـــە کاریگەریان هەیە، بـــەڵام بەئەندازەی هێـــز و توانایان کاردەکەن. بۆ نموونە یەکێتی ژنانی کوردســـتان هەیە لەسوید. لەسەرەتادا پیـــاوەکان قەبووڵیان نەدەکرد ژنان خاوەنـــی ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان بن، ئێمە لەســـاڵی ١٩٨٥ کۆمەڵەی ژنانی کوردستانمان دامەزراند. من بۆ ماوەی ٢ ســـاڵ سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بووم (کۆمەڵەی ژنانی دیموکرات لەسوید) کە سەرەتای یەکێتی ژنانی کوردستان بوو، ئەوکات فیدراسیۆنی کوردی هەبـــوو. ئێمەش وەکو کۆمەڵەی ژنان ویســـتمان ببینە ئەندام لەو فیدراســـیۆنە. من ئەوکاتە نوێنەری ئەو کۆمەڵەیە بووم و بوومە ئەندامی دیوانی فیدراســـیۆن. لەدیواندا بۆ ماوەی ٢-٣ کاتژمێر گفتوگۆمان کرد و لەکۆنگرەی فیدراســـیۆندا هەموویان لەدژی ئـــەو بیرۆکەیە دەرکەوتن و دەیانگوت ژنان چ ئیشیان بە فیدراسیۆن هەیە و ئەمانە پێویستە سەربەخۆ بن و لەگەڵ ئێمە نەبن. باوەڕ بکە تا توانیمان مافی ئەندامێتی کۆمەڵەی ژنان لەفیدراســـیۆن بدەینە قەبووڵکردن قورگم وشـــك بوو. ئەمە ٢٢ ساڵ

**کاتێک ژن داوای کار دەکات خراپترین کاری دەدرێتێ. بۆ نموونە من لەوڵاتی خۆم دکتۆر، پارێزەر یان ئەندازیار بوومە، کە دێمە ئەوروپا دەڵێن کار نییە، دەتوانی بچیت قاپ و قاچاخ بشۆییت و کاری پاککەرەوە بکەیت**

**کاتێک ژنانی کورد ڕوو لەدەرەوەی وڵات دەکەن پتر وابەستە و گرێدراوی پیاوەکانیان دەبن**

**کاتێک ژن کێشەی دەروونی هەبێت لەسەر جەستەشی ڕەنگدەداتەوە، کە پێیدەڵێن (سایکۆسۆماتیک)، بۆیە نەخۆشییە دەروونییەکان بەشێوەیەکی دیکە سەرهەڵدەدەن. من زۆرجار کاری وەرگێڕانم بۆ ژنانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان کردووە، دکتۆر پێیان دەڵێت نەخۆشی ئێوە حەسرەتی وڵاتە. دەتەوێ بگەڕێیتەوە نێو وڵاتەکەت لەبەرئەوە تۆ نەخۆش نیت**

لەمەوبەر ڕوویداوە. تائێســـتاش جیاوازی دەکرێت لەفیدراسیۆن. بۆ نموونە کابرایەك دەچێت بەشـــداری لەکۆنگرەیەك دەكات و بەرگری لەمافی ژنان دەكات، بـــەڵام لەماڵـــەوە لەژنەکەی خـــۆی دەدات و بەچاوێکی بچووك تەماشـــای دەكات. یان ئەوکاتەی ژنەکەی دەیەوێ بچێتە نێو سیاســـەت سەرکوتی دەكات و دەڵێ ژن چی لەسیاسەتدایە و چی لێدەزانێت.

بەداخەوە، تائێستا ئەو زهنیەتە لەنێو کوردان درێژەی هەیە. بۆ نەهێشتنی ئەو زهنیەتە پاشـــڤەرۆیە پێویستیمان بەشۆڕشـــێك هەیە، کە دەبێت سەرەتا لەسیاسەتمەدارەکان دەســـت پێبکەین. لەژیانی ماڵەوە و ڕێکخست و ئیدارە و ...تد. دەبێتە ئێمە لەژیانی سیاســـی و ئیداری ببینە نموونە بۆ هەموو کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا لەئێمەوە فێری شت دەبێت. بۆ ئەنجامدانی ئەو شۆڕشـــە ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی میدیای کوردی. لەبەرئەوە پێویستە کێشەکان بەشـــێوەیەکی ورد و زانستیانە بخەینەڕوو و کەناڵەکانی هۆشیاری بەرفراوانتر بکەین.

بۆ نموونە، سەرنجدەدەین کاریگەری ئایین و هزری فیوداڵیزم لەنێو کورد دا ڕەگوڕیشـــەیەکی دێرینی هەیە، لەبەرئەوە دەبێ بەشـــێوەیەکی ورد و تێژبینانە داوای پەیڕەوکردنی یەکسانی بکرێت لەنێوانیاندا و هیچ کەس و لایەنێك نەشکێنرێتەوە.

لەم بـــوارەدا حکوومەتی هەرێمی کوردســـتانیش ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە ســـەر شـــانی. بێگومان مایەی خۆشـــحاڵییە کە لەنێو ١١١ پەرلەمانتـــاری کورد ٢٩ ئەندام پەرلەمان ژنـــن، بەڵام ئەمە بەس نییە. نابێت بەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسیی و ئیداریدا تەنها وەکو دیکۆر و ئارایشتکردنی ڕووخساری دەســـەڵات لێکبدرێتەوە. بەڵکو دەبێت ببنە خاوەن کاریگەری و دروستکردنی بڕیار. سەرنجدەدەین ژنێکی وەك تانسۆ چیللەر لەتورکیا ســـەرۆك وەزیر بوو، بەڵام خاوەنی هزر و کەسایەتییەکی شـــۆڤێنی و ســـەربازی بوو. ژنی بەمشـــێوەیە ناتوانـــێ گۆڕانکاری لەکۆمەڵگا دروســـت بکات. لەبەرئەوە دەبێت ژنان هۆشیار و چاوکراوە بن و بەچاوی فێمێنیزم سەیری کۆمەڵگا بکات.

فیمێنیـــزم زۆرجار لەلایەن کۆمەڵگاوە بەهەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، هەندێ جار وەك دوژمنایەتیکردنی پیاوان لێکدەدرێتەوە. لەبەرئەوە فێمێنیزم لەســـەرەتاوە تا کۆتایی پاراستنی مافی ئینسانی ژنانە. لەبەرئەوە ئێمە تەنها دڵنیین ژنیش وەکو پیاو مرۆڤە، دەبێ بندەســـت نەبێت. دەبێت هەر لەتەمەنی منداڵییەوە لەنێو بێشکەدا بەسیستمێکی ژیاندۆست و مۆدێرن پەروەردە بکرێت، دەبێ منداڵانی کچ و کوڕ بەچەمکەکانی هیومانیست و یەکســـانی گۆش بکرێن و گەورە بکرێن. نابێـــت دەرفەتی ئەوە بدەین جیاکاری ڕەگەزی دروست بێت لەبەرئەوەی کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئایندەی کۆمەڵگایەکەمان دەبێ و دەبێتە کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەم. ژن کائینێکی کۆمەڵایەتییە و مافی ژیانی هەیە، لەبەرئەوە ژنیش دەتوانێ داهێنان بکات و شان بەشانی پیاوان فێری هەموو پیشەیەك بێت.

### سوید تاقە وڵاتی ئەوروپییە بەفەرمی جێگای بۆ پەروەردەی زمانی کوردی لەناوەندەکانی خوێندندا کردۆتەوە

*** ئایا لەنێو ئەو ســـازمان و ڕێکخراوە کولتوورییانەی سوید تا چەند هەوڵدراوە ژن لەنێو کۆمەڵگای ســـویدی دا لەهەرەشـــەی ئاسیملەبوون دووربخرێتەوە؟**

ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لەســـوید زۆر گرنگ و کاریگەرە لەدژی ئاســـیملەبوونی زمان و هەبوونی نەتەوەییمان. لەبەرئەوەی ســـوید تاقە وڵاتی ئەوروپییە کە لەنێو دیاسپۆرای کورد لەئەوروپادا بەشێوەی فەرمی لەسیســـتمی پـــەروەردە دانی بەزمانی کوردیدا نـــاوە و ڕێگەی داوە کە وانەی کوردی لەناوەندەکانی خوێندن و سیســـتمی پەروەردەدا جێگەی بۆ بکرێتەوە. زمانی کوردی زمانێکی بێ بەخت و بەســـەدان ســـاڵە لەژێر دەســـتی دوژمن و داگیرکەران ماوەتەوە. لەوڵاتی ســـوید بۆ یەکەمجارە زمانی کوردی لەئاســـتێکی باڵادا لەنێو قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت. من لەســـاڵی ١٩٨٤ چوومە سوید، بۆ ســـاڵی دواتر وانەی زمانی کوردیم گوتەوە. وانەی کوردیم خوێند بۆئەوەی ببمە مامۆستا و وانەبێژی زمانی کوردی، تا ئەوکات هیچ وڵاتێك وەکو ســـوێد ئەو دەرفەتەی بۆ کوردان نەڕەخساندبوو. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی هەموو منداڵانی کورد لەسوید هەر لەباخچەی ســـاوایانەوە بگرە تا دەگاتە قۆناخی ئامادەیی و زانکۆ دەرفەتی خوێندن بەزمانی زگماکی (کوردی) بەدەستبخەن. ئەگەرچی دەرفەتەکە کەمیش بێت، بەڵام لەهەفتەیەکدا ٢ کاتژمێر بۆ وانەی کوردی تەرخان بکرێت شتێکی پۆزەتیڤە.

ڕۆڵی ژنان بۆ دوورخســـتنەوەی کورد لەمەترســـی ئاسیملاســـیۆن، ڕۆڵێکـــی زۆر گرنگ و بەرچاوە، لەبەرئەوەی منـــداڵ پتر گرێدراوی



دایکە. ئەوکاتەی دایك شـــیر دەداتە منداڵەکەیـــی و گەورەی دەكات، منداڵ تەماشای دایکی دەكات بەچ زمانێك قسە بکات ئەویش بەو زمانە گۆش دەکرێت، دایك بە چ زمانێك چیرۆك بۆ منداڵەکەی بگێڕێتەوە ئەوا مێشـــکی منداڵەکە پڕ دەبێت لەوشەکانی ئەو زمانە، بەمەش دەتوانێ بە باشی فێری زمانی زگماکی خۆی بێت و خاوەنداری لێ بکات.

بەڵام دیســـانەوە نابێ ئەو لایەنەش پەراوێزبخەین، کە زمانی سویدی کاریگەری لەســـەر منداڵانی کورد هەیە، لەبەرئەوەی زمانی ســـویدی زمانێکی سەردەســـتە، بۆیە زۆرێك لەمنداڵانی کورد پتر زمانی سویدی بەباشـــی دەزانن، بەهۆی ئەوی بەردەوام لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەناچاری مامەڵـــەی لەگەڵدا دەکەن. بـــەڵام لەهەمانکاتدا زۆر ســـەربڵندین کە منداڵانـــی کورد دەتوانن خاوەنداری لەزمانەکەیان بکەن و لەهەرەشـــەی تواندنەوە ڕزگاری بکەن. بۆیـــە لەم مژارەدا کاریگەری دایکان ئێجگار زۆرە، لەبەرئـــەوەی ئەگەر دایکان بەزمانی زگماکی قســـە بکەن ئەوا منداڵەکەش بەشـــێوەیەکی ڕێکوپێکتر دەتوانـــێ فێری زمانی زگماکی ببێت.

●●●

**نابێت بەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسیی و ئیداریدا تەنها وەکو دیکۆر و ئارایشتکردنی ڕووخساری دەسەڵات لێکبدرێتەوە. سەرنجدەدەین ژنێکی وەك تانسۆ چیللەر لەتورکیا سەرۆك وەزیر بوو، بەڵام خاوەنی هزر و کەسایەتییەکی شۆڤێنی و سەربازی بوو. ژنی بەمشێوەیە ناتوانێ گۆڕانکاری لەکۆمەڵگا دروست بکات**

●●●

●●●

**ڕۆڵی ژنان بۆ دوورخستنەوەی کورد لەمەترسی ئاسیملاسیۆن زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی منداڵ پتر گرێدراوی دایکە**

●●●

●●●

**لەوڵاتانی ئەورووپا دوای ئەوەی ژن کەسایەتییەکی تازە بەدەستدەهێنێ و پتر ئەنتیگرەی نێو کۆمەڵگای ئەورووپی دەبێت ئەوا زۆربەیان هەوڵی جیابوونەوە لەپیاوەکان دەدەن و ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن**

●●●

# بۆچی جەمیلە ژەهرخواردووکرا



**زۆر جوانە هەموو مرۆڤێك وەفادار و بە ئەمەك بێت بەرامبەر ئەو کەسەی دڵسۆزێتی بەتایبەتی هاوسەرەکان دەبێ ئەو پەڕی ئەم کردارە بەرامبەر یەکتر بنوێنن، لە واقیعیشدا زۆرن ئەو ئافرەت و پیاوانەی گەورەترین قوربانی بە گیانی خۆیان دەدەن لە پێناو یەکتردا، و ژیان و مانیان بەندە بەیەکترەوە، بەڵام ئەوەی لەم بەسەرهاتەدا دەیخوێنینەوە سەربووردەی ئەو ئافرەتەیە کە هیچ وەفایەکی بۆ پیاوەکەی نەبوو، ئەم ژنە نەیتوانی چەند ساڵێك چاوەڕێی پیاوە ئەسیرەکەی بکات و هاوئازاری بێت بەڵکو بڕیاریدا کەسێکی تر بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێ و هەردوو منداڵەکەشی بەبێ ناز بەجێ بهێڵێ "جەمیلە" ئەو ژنە بەدنمەکەی کە بە خۆشەویستی مێردی کرد، بەڵام کاتێ لە شەڕی ئێران و عێراقدا، مێردەکەی بووە یەخسیری جەنگ ئەمیش لەم لاوە لەبری ئەوەی چاوەڕێی رۆژی ئازادبوونی مێردەکەی بکات، بەبێ ئەوی تەڵاق لە مێردە یەخسیرەکەی وەرگرێت رەدووی کوڕێکی بێگانە کەوت، تا لێرەوە تەواوی بەسەرهاتەکە وەك خۆی دەخەینەڕوو.**

ئا: هێدی

### جەمیلە یان... ڤینۆسی جوانی

هەرچەندە جوانی و قەشەنگی بۆ مرۆڤ شتێکی خۆشە و بەخشندەیەکی خودابیە کە پێشکەشی مرۆڤی دەکات، بەڵام زۆر جار جوانی ئافرەت وا دەکات کە ئەو ئافرەتە مەغرور و لوت بەرز بکات تا ئەوەی لە کۆتاییدا خۆی دەدۆڕێنێ جەمیلە نێوی ئەو ژنەیە کە تایبەتمەندیەکی تەواوی هەبوو لە جوانیدا... هەرکەسێك یەکجار ئەوژنەی دیتبایە نەك بەدڵ بەڵکوو بە رۆح خۆشی دەویست، ئەوژنە زۆر بە جوانییەکەی خۆیەوە دەنازی... هێشتا تەمەنی ١٨ ساڵ بوو زیاتر لە چەندین جار داخوازیکەری هات و هەمووان بەباوکی جەمیلەیان دەگوت، ئەو کچەمان پێبدەن چیتان دەوێت لە خزمەتتاندایین، بەڵام باوکی جەمیلە هەمیشە ئەوە قسەی بوو دەیگووت بڕیاری شووکردن لەدەستی کچەکەم دایە و خۆی خاوەن نەفسی خۆیەتی و دەتوانێ هاوسەری ژیان هەڵبژێرێ، ئەگینا هەموو موڵك و ماڵی دونیا ناتوانێ ئەم کچەم لە چنگ دەربێنێ هەتا خۆی رازی نەبێت، چاوە پڕ لە سیحرەکانی جەمیلە هەموایانی کوشتبوو، بۆیە هەمووان پێشبڕکێی ئەوەیان دەکرد خودا چانسی کامیان بەرزکاتەوە و ئەو کچەیان بە نسیب بێت، تا ئەوەی لە کۆتاییدا جەمیلەی ناسك و نازدار دڵی چوو لە کوڕێکی بێگانە شووی پێکرد ئەم کوڕە پیشەی کاری دەستفرۆشی بوو، بەڵام تابڵێی بەڕادەیەك خۆشی دەویست کە رۆژی سەدجار خۆی بەقوربانی چاوە مەستەکانی دەکرد، ئەم پیاوەی جەمیلە کە ناوی"عیمران" بوو، رۆژانە بەکاری دەستفرۆشی ئەو پارەیەی پەیدا دەکرد هەمووی دەدا بە خواردنی خۆش و جل وبەرگی جوان بۆ ژنەکەی، هەموو مانگێکیش پارچەیەك ئاڵتوونی بۆی دەکڕی نەبادا ژنەکەی دڵی بەخۆی بسووتێ، دوای دووساڵان لە زەواجکردنی عیمران و جەمیلە، خودا دوو منداڵی چاوگەشی بە سکێك واتە دووانە پێ بەخشین، کە هەر دوومنداڵەکەش کچ بوون، رۆژان هاتن و رۆیشتن جەنگی عێراق و ئێران بەرپابوو، عیمرانیش جلکی سەربازی کرایەبەر و چووە بەرەکانی جەنگەوە، ئەوە بوو جاری

کۆتایی کە عیمران چووەوە بۆ خزمەتی ســەربازی بە چاوێکی پڕ لە ئەسرینەوە ماچێکی قووڵی ژنەکەی و هەردوو منداڵەکەی کرد و گوتی جەمیلە گیان، کێ دڵێ ئەمجارەیان بەسەلامەتی دێمەوە، چوونم بەدەست خۆمە و هاتنەوەم بەدەست خۆم نییە، ئەم سەدامە کافرە و رەحم و بەزەیی لە دڵیدانییە بەخوا تا هەمموومان نەفەوتێنێ واز لەم شـەڕە ناهێنێ ژنەکە هەزار جار بە قوربانت بم بۆ ئەو هەمموو جوانیەت بۆ وەفاداری و نەرم و نیانییت دونیا هەزار شـتە توخودا ئاگات لە منداڵەکان بێت.. ئا لەو ساتەدا جەمیلەش فرمێسـك بە هەردوو چاویدا هاتنە خوارەوە و گوتی توخـودا پیاوەکە وابێ ئومێد مەبە و ئەوەندەش باس لە مەرگی خۆت مەکە، پیاوەکە ئێمە بێجگە لە خودا و لە تۆ کێمان هەیە، من چۆن دەتوانم بێ تۆ بژیم، هەمموو پیاوی دونیا لە دوای تۆ بۆمن فلسێکی قەڵپ ناهێنن، من لە دوای تۆ ژیانم بۆچییە، مەرگ هەڵدەبژێرم ئەگەر خودا نەخواسـتە پیاوەکە شتێکی لێ بەسەر بێت، من بە تەواوی شێت دەبم.

ئا بەم شـێوەیە عیمران ملی رێگای سەربازی گرتەبەر و بە چاوی پڕ لە فرمێسـکەوە ماڵ و ژنەکـەی و هەردوو منداڵە چاوگەشەکەی دایە دەست قەدەرێکی تاڵەوە.

**جەمیلەی بێ وەفا**

دوای تێپەڕبوونـی زیاتـر لە سـێ مانـگ عیمران هیچ سەروسـۆراخێکی نەبوو، بۆیە باوك و بـرا و کەس وکارەکەی بەشـوێنیدا هەمموو شوێنێك گەڕان.. سـەرجەم سەربازگەکان گەڕان هەمموو نەخۆشـخانەکانیان تاقیکردەوە، بەڵام بێ سوود بـوو نەیانتوانـی بیدۆزنەوە و پەی بە شـوێنەکەی ببەن بۆیە بەناچاری لە ناوخەڵکدا وایان بڵاوکردەوە کە کوژراوە و سـەگی هار تەرمەکەی خواردووە، پرسـەیەکی گەرمیان بۆ دانا دوای تەواوبوونی پرسـەکەی، هەمموی شـەش مانگ بەسـەریدا تێنەپەڕی"جەمیلـە"ی بێوەفـا کەڵکەڵەی شـووکردن کەوتە چوارچێوەی مێشـکییەوە هەر چەنـدە ماڵی خەزووری زۆری لێ پاڕانەوە.. گوتیان ژنی باش بە و جارێ هەر لەبەر لۆمەی خەڵکی شوو مەکەوە.. ئاخر کێ دڵێ بەڕاستی عیمران مردووە، ئەمە لە خۆمانەوە پرسـەمان بۆدانا.. بەڵام جەمیلە دەیگووت ئەم قسـانە بۆ من مەکەن بە گوێرەی شەرع و مەلا من ئێستا بێوەژنم و مالیك و نەفسـی خۆمم.. منیش پێویسـتم بە ژیان و پیـاو هەیـە، ئەوانیش دەیانگوت ئاخر ئەی مەسـیری دوو منداڵەکەت چی بەسەر دێت ئەو منداڵانە زۆر ساوان و ناتوانن بەبێ سـۆزی دایك بژین، بەڵام جەمیلە دەیگووت من جوانی و جاحێڵی خۆم ناکەم بە قوربانی منداڵ، من ئەگەر سـبەینێ مـاڵ و حاڵێکم نەبێ ئەم دووانە کە گەورەش بوون دەچنە رێی خۆیان بەڵام ئـەوەی پیر وکەنەفت بکەوێـت لەبن دیوارەکاندا ئـەوە من دەبم، بەڵام گەر پیاوی خـۆم هەبێت ئەوە هەر هیچ نەبێـت بێکەس نابم و هەردووکمـان بەیەکەوە پیر وخەڕۆ دەبین مام"حوسـێن" کە خەزووری جەمیلە بوو دەیگووت کچم تۆزێ خوابناسـە و کەمێـك وەفات هەبێت بۆ پیاوەکەت خۆ هێشـتا کفنەکەی زەرد نەکردووە، بەڵام جەمیلە هەر سـوور بوو لە سەر قسـەکەی خۆی و دەیگووت: وەفا مەعنای ئەوە نییە کە من ژیانی خۆم بفەوتێنم، خوا شـاهیدە گـەر منیش پێش عیمران بمردبـام، عیمران هـەر لە ناو تازیەکەمدا چـاوی دەگێڕا کە ژنێکـی تر بدۆزێتەوە، ئا بەم شـێوەیە جەمیلە قسـەی خۆی بردەسەر و، هەردوو منداڵەکەی دایەوە ماڵە خەزوورانی، و بەدڵی خۆی مێردی بە کوڕێکی جوان و کەشـخە کرد بەناوی"سەباح" کە سـاڵێك لە تەمەندا لە خۆی بچووکتر بوو ئەم ژنە دەسـتی کرد بە ژیانێکی خۆش لەگـەڵ ئەم پیاوەدا، بەڵام چونکە زوڵمی لـە هەردوو منداڵەکەی کرد و لە پێناو هەوەس و ئارەزووەکانیدا مێردی کردەوە بە خێرایی ئەوە بوو هێشـتا مانگی هەنگوینیان تەواو نەکردبوو لەگـەڵ پیاوەکەیدا.. رۆژێکیان لەناکاو پیاوێك هاتە بەر دەرگای ماڵی سادقی خەزووری، نامەیەکی پێبوو کە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە هەمموو خەونە خۆشەکانی جەمیلەی زڕاند و ژیانـی کردە ژەهری مار، ئەو نامەیـەش لە ئێرانەوە هاتبوو کە عیمرانی مێردی جەمیلە بەو کەسـەدا رەوانی کردبوو.. کە تیایدا نووسـیبووی "جەمیلە گیان هەزار جار بە قوربانی وەفا و دڵسـۆزیت بم من وا لە بەندیخانەکانی ئێران دیل و بەخسیرم دەزانم تۆی وەفادار ئەوە سـاڵێکە چاوەڕێی هاتنەوەم دەکەیت، نازانی چیم بەسـەر هاتووە، بەڵام موژدە بێت من وا لە ژیاندا ماوم، چاوەڕوانم بە یەك دوو ساڵێکی تر دێمەوە، کە گەڕاشمەوە هەرخۆم دەزانم چۆن پاداشـتی دڵسۆزیت دەدەمەوە، تکا دەکەم ئاگات لە منداڵەکان بێت، خۆشـم دەوێـی و بە هەمموو دونیا ناتگۆڕمەوە.

جا دوای ئەوەی ئەم نامەیە دەگاتە ماڵە خەزوورانی جەمیلە و پاشانیش نامەکە دەگاتە دەست جەمیلە... ئیتر گڵۆڵی جەمیلە دەکەوێتە لێژییەوە.. شەو و رۆژ لە شەرمەزاریدا فرمێسکی بێ وەفایی خۆی دەڕێـژێ... تا ئەوەی بۆ دووەم جار عیمران کە نامە دەنێرێ, داوا لە جەمیلە دەکات بە زووترین کات خۆی لەو پیاوە بە تەڵاقدان بدات. ئا بەم شێوەیە جەمیلە بەختەوەرییەکانی تا سـەر نەبوون لەگەڵ ئەو پیـاوەدا و تەنیا دوای مانگێك لە زەواجەکەی، داوای تەڵاقی لەسـەباح کرد.. ئەوە بوو تەڵاقی خـۆی وەرگرت و هەردوو منداڵەکەشـی هێنایەوە لای خۆی و چووە ماڵـی باوکی تاکو لەوێدا ژیـان بگوزەرێنێ هەتاکو پیاوەکەی "عیمران" لە ئێران ئازاد دەکرێت.

**دوای بێوەفایی... خیانەت**

دوای ئەوەی جەمیلەی جوان و ناسـك تەڵاقی لە سـەباح وەرگرت، سـاڵێکی تەواو چاوەڕێی عیمرانی ئەسیری کرد کە ئازاد بکرێت.. بەڵام عیمـران لە نامەکانیدا هەر دەیگوت، ئەم سـاڵ نا ساڵێکی تر ئازاد دەکرێم.. بەڵام جەمیلە ئەمجارەشیان شریتی تەحەمولی پچڕا و نەیتوانی زیاتر لەوە چاوەڕێ بکات و بڕیاریدا جارێکی تر شـوو بکاتـەوە.. بەڵام ماڵە خەزوورانی هەڕەشـەیان لێکرد کە شـکایەتی لێدەکەن.. بۆیە ئەمجارەیان جەمیلەی خیانەتکار پەیوەندییەکی ژێراوژێری خیانەتکارانەی

●●●

**هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان یەک لەوبابەتە چارەنووسسازانەیە کە زۆر گرنگە مرۆڤ بەر لە بریاردان سەرجەم لایەنەکانی هەڵبژاردنەکەی لێکبداتەوە چونکە هەڵەکردن لەو پرسانەدا هەڵەی کوشندەیە دەرگە لە بەردەم چەندین کارەساتی کۆمەڵایەتی والا دەکات لە سەرووی هەموویانەوە خیانەت و ڕەدووکەوتنە وەک لەو ڕووداوە دەیبینین**

●●●

لەگەڵ کوڕە هەتیوێکی شـاری موسڵدا پەیدا کرد، شەوێکیان بە نهێنـی ڕەدووی ئەو کوڕە کەوت و ڕای کـرد لەگەڵیدا.. لەملاشەوە سـادقی باوکی جەمیلە و قاسـمی برا گەورەی هەموو شـوێنێك بەدوایدا گەڕان، سـەرجەم گوند و لادێکان گەڕان بەڵام نەیانتوانی هیچ سـەرە داوێك لەسـەرو سۆراخی جەمیلە بزانن..

چونکـە جەمیلە لەگـەڵ ئەو کوڕە هەتیوەی دۆسـتیدا چووبوونە بەغدا و لەوێ خانوویەکی بەکرێیان گرتبوو، بەڵام پـاش دوو هەفتە.. دوای ئەوەی کـوڕە غەریزەکانی خۆی لە جەمیلە تێـر دەکات، ڕۆژێکیان لە ماڵدا بە تەنیا بەجێی دەهێڵێ و بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕوات و خۆی دەشارێتەوە. لەم لاشـەوە جەمیلە چەند ڕۆژێك لەو ماڵە چاوەڕێ دەکات بـەڵام هەر ناگەڕێتەوە. بۆیە لەناچاریدا جەمیلە بڕیاردەدات بگەڕێتەوە ماڵـە باوکی. ئەوە بوو دەمەو ئێوارەیەکی ڕۆژی دووشەممە جەمیلە لە دەرگای ماڵی بابی دەدات کە باوك و براکانی دەیبینن دەڵێن بۆچی لە ناو خەڵکدا حەیا و ئابڕووت بردیـن، لە کوێ بووی؟ بۆ کام جەهەننەم چووبووی؟ ئا لەو ساتەدا جەمیلە دەسـت دەکات بە گریان و دەڵێت بە غەڵەت لێم تێمەگەن، من زۆر لە زووەوە بڕیارم دابوو بچم بۆ ئێران بە دوای عیمراندا.. ئەوە بوو بە نهێنی لەگەڵ پیاوێك ڕێکەوتم.. وای خۆی نیشاندا کە قاچاغچییە و دەمباتە لای عیمران، بەڵام ئەو نەفرەتییە خیانەتی لێکردم و تەعەدای لێکردم و پاشان بەتەنیا بەجێیهێشتم.

جەمیلـەی ناپـاك بەو درۆیانە خـۆی پەراندەوە و باوك و براکەشی نەیانکوشت ئەوجارە بڕوایان بە قسەکانی کرد.

**هاتنەوەی عیمران، خیانەت و مەرگ**

سـاڵی ١٩٨٨ لە دوای تـەواوبوونـی جەنگـی عێـراق - ئێـران ڕۆژێکیان لەنـاکاو عیمـران هاتەوە، ئەوەبـوو دوای مانگێك لە هاتنەوەی سەرباری هەموو بێ وەفایـی و خیانەتەکانی جەمیلە ئەو ژنـەی بردەوە لای خۆی ودیسـانەوە وەك جاران دەستیان بە گوزەراندنی ژیانێکی نوێ کردەوە، ڕۆژان هاتن و ڕۆیشتن.

عیمـران هەسـتی دەکرد کەوا جەمیلە وەك جاران خۆشـی نـاوێ و بایەخی پێنادات و لێـی لالوتە، بۆیە عیمران جەمیلە دەخاتە ژێر چاودێرییەوە تاکو بزانێت لەگەڵ کێدا هەڵسوکەوت دەکات و کێ هانیدەدات بۆ خراپە.

ڕۆژێکیـان جەمیلە بـە عیمران دەڵێت هەتـا ماڵی ئەو دراوسـێیە دەچـم هەنـدێ کارم هەیە، کـە دەچێتە ماڵی دراوسـێکەیان.. عیمرانیش بە دوایدا دەچێت و بەبێ ئەوەی لـە دەرگا بدات دەچێتە ژوورەوە، سـەیر دەکات وا ژنەکەی لەگەڵ کوڕە گەنجێکی ئەو ماڵەدا بەرامبەر یەك دانیشتوون و دەمەتەقێی خۆیان دەکەن، ئا لەوێدا سەلام دەکات و دەچێتە ژوورەوە. جەمیلـە و ئەو کوڕەش واق وڕماو دەمێنن و تف لە زاریاندا وشـك دەبێت.. عیمران بە توانجێکی توڕەئامێزەوە بە جەمیلـە دەڵێت، تۆ کارت بەم کوڕە هەبوو بۆ زووتر قسـەت نەدەکرد.. وا پێدەچێ کەسی تر لەماڵ نەبێت، قەیدی ناکات دوای لێبوردن دەکەم. کاری خۆتان تەواو کەن وا من دەڕۆم.

ئـا لەوێدا عیمران بە توڕەییەوە دێتـە دەرەوە، ئەمجارەیان بە تـەواوی دەگاتە ئـەو بڕوایەی کە ئیتر ژنەکەی لەدەسـت دەرچووە و پێی جڵەوگیر ناکرێ، چاو لەدەر و غەریزە پەرست بووە، بۆیە کاتی هاتووە سێ بە سێ تەڵاقی بدات.

ئـەوە بـوو دوای ئاگادارکردنـەوەی سـادقی باوکی و قاسـمی برا گەورەی جەمیلە کە جەمیلە خیانەتی لەگەڵ کردووە، عیمران سێ بە سێ جەمیلە تەڵاق دەدا.. دوای هەفتەیەك لـە تەڵاقدانی، سادق و قاسم کە برا و باوکی جەمیلە بوون، بڕیاریاندا ئەو ژنە بکـوژن، چونکە ڕۆژ بەرۆژ لەبەرچاوی خەڵکی سـووکتری دەکردن.. ئەوە بوو هەمووی بیست ڕۆژی نەبرد لـە دوای تەڵاقدانی "شەوێکیان هەواڵ بڵاوبویەوە کە جەمیلە مردووە، ئەوەبوو دوای ئـەوەی پۆلیـس هـات و تەرمەکـەی برایە نەخۆشـخانە، دوای ئەوەی لە دادپزیشـکیدا تەشریحی بـۆ کـرا، دەرکـەوت کە جەمیلە دەرمانخواردکراوە.. بۆیـە دوای لێکۆڵینەوە.. قاسـم لەلایەن پۆلیسـەوە دەسـتگیرکرا و لە دادگادا بڕیاری بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا.

